بافڵ تاڵەبانی و کونسوڵی ئەمریکا لە دەباشان کۆبوونەوە



ئەمڕۆ یەکشەممە 8ـی کانوونی یەکەم لە دیداری نێوان بافڵ تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کونسوڵی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان لە دەباشان دەخی هەرێمی کوردستان، عێراق و ناوچەکە گفتوگۆیان لەبارەوکرا و جەخت لە یەکخستنی هەوڵکان بۆ ئاڵاستەی سەرخستنی پرۆسەی سیاسی و پشکشکردنی خزمەتگوزاریی زیاتر کرایەوە.

بەگوێرەی ڕاگەیاندراوکی مەکتەبی ڕاگەیاندنی سەرۆکی یەکێتیی، بافڵ تاڵەبانی لە دیدارەکەدا ئاماژەی بۆ پێویستیی پڵەکردن لە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد و ڕایگەیاند، پێویستە حکومەتی نوێ لەسەر بنەمای هاوسەنگی و دادپەروەری پێکبهێنرێت و ڕێنگدانەوەی خواستی هەموولایەک بێت، بۆ کارنامەیەکی بەهێز و دوور لە دەستوەردانی حزبییەوە خزمەتی هەموو لایەک بکات و کارەکانی لەپێناو ئاوەدانیی کوردستان و دەستبەرکردنی ژیانێکی شایستەتردا بێت.

لە دیدارەکەی سەرۆکی یەکێتیی و کونسوڵی گشتیی ئەمریکادا، دەخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت سووریا گفتوگۆی لەبارەوکرا.